بەسەرکردنەوەیەکی ناوەندی هەڵەبجە دژبە ئەنفال و جینۆسایدکردنی کورد {چاك}



**گۆران هەلەبجەیی**

ئەم ڕێکخراوە لەساڵی 2001 بەناوی کەمپینی هەڵەبجەو ئەنفال هاتەدامەزراندن .ئیدی لەو ساتەوە وەك ڕێکخراوێکی زۆر چالاك و کارامە لە بواری دژبە جینۆسایدو کارەساتیهەڵەبجەو ئاشکراکردنی تاوانباران وپشتگیری لە هەرهەنگاوێك کە لەبەرژەوەندی گەلەکەماندا بێت لەمەیداندابووە. بۆپێتر تیشك خستنە سەرکاروچالاکیەکانی ئەم ڕێکخراوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی هەندێك لە بەڕێوەبەرانی{چاك }کرد.

لەسەرەتادا ڕووی دەممان کردە ڕێزدار سەلاحی گەرمیان لە ئوستەرالیا-

پ/کاك سەلاح بەڕێزت وەك بەرپرسی پەیوەندیەکانی ناوەندی هەڵەبجە, ئەم ناوەندە چالاکی بەرفراوانی ڕۆشنبیری لە نێو ڕاگەیاندنی عەرەبیدا هەیە,باوەڕناکەم هیچ ڕێکخراوێکی دیکە بە ئەندازەی چاك لەنێو بیرو ڕای عەرەبیدا ناسراوبێت. ئامادەیی بەردەوامتان لە هەڵوێست وەرگرتن ووەڵامدانەوەی نەیارانی کوردو ناساندنی کێشەی کورددا هەیە . ئایا وەڵامدانەوەی ڕۆشنبیران و لایەنە عەرەبیە کان لە پشتگیری یا دژایەتی ؟



**سەلاحی گەرمیان**

**شایەنی ئاماژە پێکردنە کە هەر لەسەرەتای پێکهینانی ناوەندەوە ئەوەمان لە بەرچاوگرت کە گرنگێتی و بایەخ بدەین بە ناساندنی ئەو تاوانە نامرۆڤانەی ڕژێمی دیکتاتوری پێشووی عیراق بە خەڵکی عەرەب ومیدیا و لایەنە سیاسیەکانی عیراق و وڵاتە عەرەبیەکان. چونکە ئاشکرایە گەلی کورد بە گشتی و لایەنە سیاسیەکانی ناو کوردستان خۆیان لە ناو جەرگەی ڕوداوە دڵتەزینەکانی ئەنفال و کیمیاباران و هەموو شێوەیەکی بەرپاکردنی سیاسەتی جینۆسایدی ڕژێمی شۆڤینیزمی بەعس دژبە گەلی کوردا بوون. لە هەمانکاتدا ڕژێمی دیکتاتۆر توانایەکی تەواوی تەرخان کردبوو بۆ شێواندنی ڕاستیەکان وپەردەپۆشین بەسەر ڕوداوەکانی کوردستان بەرێگای پڕوپاگەندە و کڕینی ویژدانی نوسەران و ڕۆژنامەنووسان و شاعیران و هونەرمەندان و سیاسە تمداران و حیزب و گروپ و ڕەوتی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی جوراو جور لە**

ولاَتانی عەرەبدا. بۆیە وەکو کاری سەرەکی ناوەندی "چاك" بە پێویستمان زانی کە ڕوی دەممان بکەینە عەرەبی زمانەکانی ناوەوەو دەرەوەی عێراق ( لە پاڵ بلاَوکردنەوە بە زمانی ئینگلیزی و چەند زمانێکی تری ئەوروپا ). لەو بوارەشدا چالاکی زۆر و بەرچاومان ڕا پەڕاندوە لە بەستنی کۆڕ و سیمیناری هاوبەش لەگەڵ کەسایەتی و نوسەر و پارێزەر و ڕێکخراوەی مافی مرۆڤ بەڕیگای ئینتەرنیتەوە و هەروەها بە نوسینی بابەتی جوراوجور و بەیاننامە ویاداشتنامەی لایەنگری ونارەزایەتی لە هەڵویستی لایەنە سیاسی عەرەبییەکان. لێرەدا نامەوێت ئاماژە بە چەندی و چۆنیەتی چالاکیەکان بکەم بەلاَم بە پێویستی ئەزانم کە لە چوارچێوەی پرسیارەکەی بەڕێزتاندا باس لە هەڵویست نواندن و کاردانەوەی ڕۆشنبیران و کەسایەتی و لایەنە عەرەبیەکاندا لە سەر ڕۆڵی ناوەندی "چاك" لە ڕیسواکردنی ئەو سیاسەتە نامرۆڤانە و ئەو تاوانە بێ وێنانە کە دژبە گەڵی کورد ئە نجام ئەدرا بەبەر چاوی دونیای عەرەب ( هەڵگری پەیامی موحەمەد ) و دونیای ئیسلامی ( پاشماوەی کولتور و کەلەپور و عەدالەتی ئیسلام ) و ڕۆژئاوای ( مەڵبەندی یاسا و دیموکراسی ومافی مرۆڤ ) و نەك تەنها بێدەنگی بونیان لە ئاستی ئەو تاوانانە بەڵکو یارمەتی دانی ڕاستەوخۆی دیکتاتۆری دڕندە و ڕژێمەکەی لە بەرپاکردنی ئەو تاوانانە، تەنها لە پێناو گەرمکردنی بازاڕ و بەش وەرگرتن لە نەوت و داهاتی عیراق و پاراستنی بەرژەوەندێکانیان.

جێگای ڕێزلێنان و خۆشحاڵیمانە کە ژمارەیەکی بەرچاو لەو ڕۆشنبیران و لایەنە عەرەبەکان پاڵپشت و پشتگیری لە هەوڵەکانی ناوەندی "چاك" لە بەڕێوەچونی کارەکانی ئەکرد. هەر یەکێك لەوانە ئەکرێت وەك دۆستێکی بەڕێز و بەنرخ "چاك " و قوربانیانی سیاسەتە گلاَوەکانی بەعسییەکان و ڕژێمە سەرکوتکەرەکانی داگیرکەرانی کوردستان ناو ببەین و چاویان لێ بکەین، لەوانە بۆ نموونە مامۆستای بەڕێز "دکتۆر کازم حەبیب" کە هەر لە سەرتاوە هاوکاری و پشتگیری تەواوی دەربڕیوە لە هەوڵەکانی "چاك". شایەنی ووتنە لە کاتی هەوڵدان بۆ دادگایکردنی ئەنفالچیەکان وەك "ئەلخەزرەجی" و "ئەلسامەرائی" و داواکاری چاك بۆ دانانی ڕۆژی [illegible]/[illegible] وەك ڕۆژێکی جیهانی بۆ داماڵینی چەکی کیمیاوی لە جیهان و ڕا پرسی بۆ دیاریکردنی چارەنوسی گەلی کورد کە ناوەندی "چاك" پێی هەڵسا لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە دەیان کەسی عەرەب پشتگیری خۆیان لەو بانگەوازانە دەربڕی. بەلاَم لە هەمان کاتدا لە نامەی هەڕەشەو دژایەتیش بێبەش نەبوون لەوانە بۆنموونە نوسەرێکی عیراقی عەرەب کە لێرەدا پێویست بە ناوهێنانی ناکات زۆر پێی سەیر و سەخلەت بوو کە ناوی عەرەبە نشتەجێکراوەکانی کەرکوك لە بەیاننامەیەکی عەرەبیدا بە وشەی "مستوگنین" ناویا نمان هێنا بوون ، بە بۆچونی ئەو ئەو وشەیە تەنها بە جولەکەکانی ئیسرائیل ئەبێت بوترێت، بۆیە ئێمەی دابوە بەر نەفرەت وقسەی ناشرین ونارەوا، خۆشبەختانە وێنە ئەو نەفامانە کەمن و دۆستمان ڕۆژ بەڕۆژ لە زیاد بووندایە و کارەکانشمان لە بەرەو پێشچوندایە. لە دواییدا بە پێویستی ئەزانم کە بۆ خوێنەرانی بەڕێز ڕابگەیەنم کە ناوەندی "چاك" وەك پێویستیەکی مێژویی بە هەوڵ و ماندووبونی ڕۆشنبیرانی دڵسۆزی بێنەوایان و هەژاری گەلی کورد لە ئەنفالکراوەکان و دەرکراوەکان و منالاَنی بێناز و بێکەسی قوربانیانی کیمیاباران وسیاسەتی شۆڤینی دەزگاکانی سەرکوتکردن و تۆقاندن و کۆشتن و کاولکردن لە هەموو بەشێکی کوردستاندا هاتوەتە کایاوە. سەرەڕای بایەخ نەدانی تەواو بەو ژمارە زۆرەی خەڵکانی کۆمەلاَنی کوردستان و کەمتەرخەمی لە

**پێشکەشکردنی خزمەت و یارمەتیدانیان بۆ گۆڕینی باری ژیانیان و سارێژکردنی برینەکانیان لە لایەن دەسەلاتدارانی سیاسی هەردوو ئیدارەی کوردستانەوە، هیچ لایەنێك لەوانە دەستی یارمەتیان بۆ ناوەندی "چاك" درێژ نەکردوە بۆ ئاسانکردنەوەی کارەکانیان لە پێناو گەیاندنی دەنگی ڕەوای قوربانیان ئەنفال و هەڵە بجە و سیاسەتی تعریب و جینوساید بە هەموو جیهان هەر وەکو جولەکەکان و ئەرمەنیەکان تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بون لەو بۆاری مەسەلەکانی خۆیاندا.**

**نوێنەرێکی دیکەی ناوەندی هەڵە بجە کاك ئارێز سنەییە کە دڵسۆزانەو ماندونەناسانە لە {چاك} دا خەبات دەکات.**

پ/کاك ئارێز ئێوە بەشێکتان بە ناوی بەشی کوردستانی خۆرهەلات دروستکردووە. لەو بڕوایەدانیت لە ئایندەدا دۆسیەی جینۆساید ڕۆلێکی پۆزەتیف لە بزافی ڕزگاری نیشتیمانیدا وازی بکات و دەست بنێتە بینەقاقای داگیرکەرانی کوردستان؟

کۆمیتەی خۆرهەلاتی کوردستان لە پێنج ئەندام پێکهاتووە کە هەریەکەیان لەدایکبووی شارێك لە شارەکانی خۆرهەلاتی کوردستانن , وەك سنە مەهاباد سەردەشت بۆکان سەقز.

لەبەر ئەوەی ئێمە واتە ئەندامانی کۆمیتەی خۆرهەلات زانیاریمان لەمەڕ کۆمەلکوژی و سیاسەتی تەرۆریستانەی ڕژێمی تاران لەکەسانی دیکە زیاترە بۆیە بەچاکمان زانی لەڕێگەی کۆمیتەکەوە ئەو زانیارانە بگەیەنینە نێوەندە سیاسی و جەماوەریەکان و دەزگا نێودەوڵەتیەکان . وەلەم ڕووەوە درێخیمان نەکردووە و سیاسەتی نامرۆڤانەی ڕژێمی ئێرانی دژ بەگەلەکەمانمان ڕسواکردووە.

شایانی ئاماژەیە کە لە 2004/03/18 لەشاری هانۆڤەری ئەڵمان سەمینارێك بەبۆنەی کارەساتی هەڵەبجە وە سازدەکرێت .کە تێیدا چەندین پەرلەمانتاری ئەڵمان و پسپۆڕی کوردلە مەڕدۆزی کوردو مەسەلەی جینۆساید بابەتی تێدا پێشکەش دەکەن.وە ئێمەش وەك ئەندامانی بەهەموو تواناmanەوە هەوڵ بۆ سەرخستنی دەدەین . وە بە ئومیدین کە چالاکیەکی بەرهەمداربێت.

یەکێك لە ئەندامانی لیژنەی باڵای ناوەندو بەرپرسی ڕاگەیاندن کاك سالار سۆفی یە.



پ/ ناوەندی هەڵەبجە لەم دووساڵەدا وەك ڕێکخراوێکی جیهانی چالاك هاوکات وەك لایەنێکی فشار کاریگەری باشی هەبووە،تەنانەت زۆر دۆسیەی گرنگ و هەستیاری جوڵاندووە. ئایا پێتان وایە ئەم کارانە کاریگەری لەسەر پێشفەچوون و بزواندنی ئەو مەسەلانە هەبووبێت؟ بەوەی کە ئێوە لە هەندەران ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامی چالاکتان هەیە وە دەتوانن فشار درووست بکەن. ئاشکرایە

لەم دووساڵی دووایەدا مۆرکی خۆتان بە زۆر کێشەی گرنگەوە دیارە یاخود هەر نەبێت ئەو کێشانەتان جۆش داوە.

**ئەرکی ( ناوەندی هەڵەبجە ) چەندە مەزن و پیرۆزە، هێندەش پڕ لە بەرپرسیارێتییە، بەم پێیە پێویستە ناوەندی هەڵەبجە لە ئاستی ئەم بەرپرسیارێتییەدا بێت، ئەگەرنا، باشتر وایە لە ئاستی مەزنی قەسابخانەکانی هەڵەبجە و ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد نەهێنێتە خوارەوە و جێگا بۆ ئەو ڕێکخراو و دەزگایانە چۆڵ بکات کە دەتوانن ئەم ئەرکە مەزنە جێبەجێ بکەن.**

**ناوەندی هەڵەبجە هەر لەسەرەتای دروستبوونییەوە و لەو سەردەمەوە کە بە ناوی ( کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال )ەوە کاری دەکرد، درکی بەم بەرپرسیارێتییە کردووە و هەوڵی داوە لەو ئاستەدا بێت.**

**ناوەندی هەڵەبجە ڕێگخراوێکی حزبی نییە و ئامانجی کۆتاییهێنانە بە پڕۆسەی جینۆسایدکردنی گەلی کورد لە گشت پارچەکانی کوردستان و لە هەر کونجێکی تری جیهانیشدا، ئەندامەکانیشی کە لە کەسانی سەربەخۆ و کەسانی سەر بە پارت و ڕێکخراوی جیاواز پێکهاتوون، چ لە ناوەوەی وڵات و چ لە دەرەوەی وڵات، بەو گیانەوە کار دەکەن و لە هەوڵی یەکخستنی تواناکانن بۆ ئەو مەبەستە. سەربەخۆیی ناوەندی هەڵەبجە لە بڕیار و کارەکانیدا و نەبەستراوەیی بە هیچ ڕێکخراوێکی سیاسییەوە، وای کردووە کە هیچ بەرژەوەندییەکی بەرتەسکی حیزبی و ڕێکحراوەیی لەبەر چاو نەگرێت و گشت ئەندامەکانی لە بەرژەوەندییەکی هاوبەشی باڵاتردا کۆببنەوە، ئەویش بەرژەوەندی گشتی گەلی کوردە لە کۆتاییهێنان بە پڕۆسەی جینۆسایدی گەلی کورد و بە دادگاییگەیاندنی تاوانباران و قەرەبووکردنەوەی زیانەکان و گەلێك ئامانجی تر کە لە بەرنامەی ناوەندی هەڵەبجەدا هاتوونە.**

**بەڵێ ناوەندی هەڵەبجە چەندین دۆسیەی گرنگ و هەستیاری جوڵاندووە. لەوەش زیاتر گەلێگ لەم دۆسیانە دۆسیەی ( بڤڤە ) بوونە و تەنانەت هەندێکیان حەرامکراویش بوونە. لەسەر ئەم دۆسیانە تووشی گەلێك ڕێگری بووینە، بە داخەوە هەندێك لەم ڕێگرییانە لە لایەن شۆفێنییەکانی دژ بە گەلی کوردەوە نەبوونە. نموونەی ئەم دۆسیانە هەوڵەکانی بەدادگاییگەیاندنی گەلێك تاوانباری وەك ( وەفیق سامەڕایی ) سەرۆکی پێشووتری دەزگا موخابەراتییەکانی عێڕاقی و نزار خەزرەجی تاوانباری جینۆساید و سەرۆك ئەرکانی سوپای عێڕاقی لە کاتی کیمیابارانی هەڵەبجە و کارەساتی ئەنفالدا. لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە ڕۆڵی گرنگی کۆمیتەی بەگەڕخستنی هەوڵەکانی بەدادگاییگەیاندنی نزار خەزرەجی بکەم لە دانیمارك. دۆسیەی کچە ئەنفالکراوە فرۆشراوەکان بە شەویانە و سەماگەکانی وڵاتی میسر نموونەیەکی ترە لەو دۆسیانەی کە ناوەندی هەڵەبجە کاری تێدا کردووە و بەردەوامە.**

**ناوەندی هەڵەبجە تەنها بە دۆسییەی عێڕاقییەکانەوە نەگیرساوەتەوە، بەڵکو دەستی بۆ دۆسیەی تاوانبارانی تر و ئەو کۆمپانیا چەکسازییانەی کە چەکی کیمیاوی و جۆرەکانی تریان بە ڕژێمی عێڕاقی پێشوو فرۆشتبوو بردووە و هەر ئێستا قاچاخچی چەکی کیمیاوی {فرانس ڤان ئەنرات}ی لە هۆڵەندە داوەتە دادگا.**

**یەکێك لە گەورەترین ئەو دۆسیانەی کە ئێستا ناوەندی هەڵەبجە کاری تێدا دەکات دادگاییکردنی سەدام حوسێنی دیکتاتۆری عێڕاق و خوێنمژی گەلی کوردە. ناوەندی هەڵەبجە خەریکی کۆکردنەوەی گشت دەنگ و تواناکانە چ لە ناوەوەی وڵات و چ لە دەرەروەی وڵات بۆ دادگاییکردنی سەددام وەك بەرپرسی سەرەکی**

**جینۆسایدی گەلی کورد، ئەمەش بەو مەبەستەی تاوانەکانی سەددامی کۆنەدیکتاتۆر دانەگیرێنە ئاستی کێشەی تاکەکەسی یان گروپێکی دیاریکراو، بەڵکو وەك تاوانباری جینۆسایدکردنی گەلی کورد بە گشتی، یەك دۆسیەی هاوبەشی بۆ دروست بکرێت.**

**بێگومان کردنەوە و کارکردن لەسەر ئەم دۆسییانە کاری چڕو پڕی دەوێت، ئەندامەکانی ناوەندی هەڵە بجەش هەمیشە لە ئامادەباشیدان بۆ ئەم مەبەستە، بەڵام بۆ ئەوەی بگەین بە ئە نجامی باشتر و ویستەکا نمان بهێنینەدی، پێویستیمان بە هاوکاری هەموو لایەکە. شایانی باسە هاوکاری توێژە جیاوازەکانی گەلەکەمان و دۆستەکا نمان بۆ ناوەندی هەڵە بجە هەمیشە لە برەودایە. بۆ نموونە لە دۆسیەی دادگاییکردنی سەددامدا، پارێزەران، مافناسان، نووسەران، ڕۆژنامەنووسان، هونەرمەندان و ڕۆشنبیران و سەندیکا و ڕێکخراوەکانیان و زانکۆکان و زۆربەی پارت و ڕێکخراوە سیاسی و جەماوەرییەکان، ئامادەیی تەواوی خۆیان بۆ هاوکاری ناوەند دەربڕیوە، من لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاس و دەستخۆشی ناوەندی هەڵە بجەیان پێ ڕابگەیەنم، ئێمە تەنها بەم جۆرە کارە هەرەوەزییە گەلەکەمان لە مەترسی جینۆساید دوور دەخەینەوە. دیارە لە بنەڕەتدا جەماوەری بەرینی گەلی کورد و قوربانیانی جینۆساید و دۆستانی گەلەکەمان، بڕبڕەی پشتی ناوەندی هەڵە بجەن و تەنانەت تەنها سەرچاوەی توانا ئابوورییەکانیشین.**

یەکێك لە هەڵسوڕێنەرانی{ چاك} بەڕێز هیشام ئاکرەیی یە کە لە یەکەم ساتەکانی دامەزراندنی ئەو ناوەندەوە بوونی هەبووەو ڕۆڵی خۆی وازی کردووە.

پ/ کاك هیشام تۆ بە گشتیکارەو چالاکیەکانی ناوەند چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟ئەوەش لە یاد نەکەین کە چاك توانی بپەرێتەوە بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات و پاش□□ ساڵ یادی کارەساتی قارنەی کردەوە. هاوکات دیاری کردنی دووی سەپتەمبەربە ڕۆژی جینۆساید لە کوردستانی خۆرهەڵات و بەهەمان شێوەش یادکردنەوەی کارەساتی سەردەشت.وە لە ئایندەشدا ئەگەری پەڕینەوە هەیە بۆ پارچەکانی دیکەش, ئەمانە هەمووی کاری چاکن تۆ چۆن هەڵیان دەسەنگێنیت؟



**هەڵگرانی بیر و فکری جیاجیاش لە ناو ( چاك ) دا جصگایان هەیە. کەسانی چەپ و مارکسی و ئەوانەی باو( چاك ) وەك هیچ رصکخراوصکی تری کوردستانی نیە، نەك بەواتای خۆباشتر ناساندن و دیتن، بەڵکوو لە شصوەی کارکردنیدا. ( چاك ) کە لە سنوورصکی تەسك و چەند کەسانصکەوە أاگەیاندنی بۆ کرا، توانی لە کاتصکی کورتدا ئیش و کارەکانی أصگ بخات و دەستوورصك و بەرنامەیەکی پأ بە پصستی ناوەکەی بئافرصنصت. دیارە دڵسۆزی و پەرۆشی گەلی کوردستان بۆ کصشە مرۆڤایەتیەکان و بەتاییەت ئەوانەی بە**

هانای بانگەوازی کەمپینی ئەنفال و هەڵە بجە وە هاتن کە لە سەرەتادا بەو ناوە کارمان دەکرد، کارصکی گەورە و جۆشوخرۆشی و جۆڵانەوەیەکی باشی خستە نصو أیزەکانی ناوەندی هەڵە بجەدا و بەم شصوەیە کارەکان خصرا بەأصوەچوون و چر و پأ بوون. بەبص گومانەوە دەتوانم بڵصم ( چاك ) شصوەیەکی تری کاری أصکخراوەیی هصنا ناو بزوتنەوەکانی کوردیدا. هەر ئەو شصوەیەش وای لە ئصمەکرد و بواری بۆ رۆخساندین خصرا هەنگاو بنصین و سنوورە دروستکراوەکانی نصوان بەشەکانی کوردستاندا ببەزصنین و کوردستان وەك وڵات و گەل بە ئامانج لە پراکیکدا نەك تەنیا لە سەر کاغەز، وەربگرین. هەروها تاأادەیەکی باش سەرکەوتوو بۆینە لە گرصدانی ناوەوەی کوردستان بە دەرەوە. زۆربەی رصکخراو کە لە دەرەوی وڵاتدا دروست دەبن، ناتوانن بپەأنەوە ناوەوەی کوردستان، بەڵام دیارە سەربەخۆیی و ناسیاسی بوونی ( چاك ) لە باری رصکخراوییەوە و أەوایی پەیامەکەمان، وای کردوە کە جەماوەری کوردستان ئامادەبن چالاکی لە ناو کوردستان و عصراقیشدا بنوصنن و وەك ئەندام لە ناو ( چاك )دا کاربکەن وەك خۆپصشاندانەکی شاری بەغدا.

هەر وەکوو چوون کومەڵگای کوردستان لە چەندین چین و توصژ پصکهاتووە، بە هەمان شصوە نوصنەران و ەأییان بە دیموکراسی مەرکەزی هەیە، بەوپەأی لیبرالیزمەوە کار دەکەن وچالاکی أصکدەخەن. واتە نەبوونی مەرکەزییەت و دابەشکردنی کارەکان و ئازادی کارکردن نهصنی هەرە گەورەی سەرکەوتنی أصژەداری ( چاك )ن.

دەربارەی  سیپتصمبەر کە کراوەتە أۆژی جینوساید لە خۆرهەلاتی کوردستان دەڵصم: هەر چەندە هەموو شتصك لە دونیادا سیاسەتە بەڵام ئصمە تەنیا وەك رصکخراوصکی دژ بە جینوساید کاردەکەین و چونکە گەلی کوردستان لە هەموو پارچەکانیدا دوچاری أەگەزپەرستی نژادی بووە و داگیرکەرانی کوردستان کوردیان جینوساید کردوە، بۆیە هەر جصگایەك و شارصك و گوندصکی کوردستان دوچاری کردەوەیەکی جینوسایدیانە ببصت، ئصمە وەك ( چاك ) بە ئەرك دەزانصن لە وص بین. ئصمە بە هەمان شصوەی رصکخراوی خاچی سوور کاردەکەین، واتە لەو جصگایەین کە پصویستیان بە صصمەیە و دەبص لەوص بین، حەقمان بەوە نیە ئەو شەهیدانە سەر بەکام حزب بوون یان ئەو شارە لە ژصر دەسەڵاتی کام حزبدا بووە، گرنگ ئەوە کارەکە دەکەوصتە خانەی جینوسایددا. ئصمە ناتوانین تەنیا بەرگری و نوصنەرایەتی کوردی باشووری کوردستان بکەین و کوردی بەشەکانی تر پشگوص بخەین. ئصمە ئەو کارە بە جۆرصك لە جیاوازی نژادی دەزانین. بۆ کوردانی أۆژهەلات و باکوور و باشووری بچووکی کوردستان، گۆرانی بۆ هەڵەبجە بڵصن و یارمەتی ئصمە بدەن لە باشووری کوردستان؟ بۆ ئصمە کردەوەکانی أژصمی ئصران پشتگوص بخەین؟ ئەوانەی لە ( قارنە ) و ( سەردەشت ) شەهید کراون، ئەندامی ئەو گەلەن و بەشصکن لە گیانی کوردی و هیچ جیاوازیان نیە لە ئەنفال و هەڵە بجە، بۆیە دەبص یادیان بکەینەوە بە هەمان شصوەی ئەنفال و هەڵە بجە.

هەر بۆیەش کوردی خۆرهەڵات بەشصکی هەرە سەرکی ( چاك )ن و چالاکانە لە ناو أیزەکانی ناوەندەکەماندا خەبات دەکەن. ئصمە وەك رصخراوصکی دژ بە جینوسایدی کورد کاردەکەین نەك وەك پارچەکانی کوردستان.

کاک عەلی مەحمودیش یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ناوەندی هەڵەبجە و ڕۆڵی بەرچاوە ی لە هەڵسووڕاندنی زۆرلە ئەرک و چالاکیەکانی{ چاك} دا هەیەو  کەسێکی ناسراوی نێوەندەکەیە.



**پرسیار**

**تۆ وەك ئەندامصکی دەستەی دامەزرصنەر تا چەند لە کارەکانتان أازین. دەکرصت بە کورتی باسی چالاکیەکانتان بکەن؟.**

**-ئصمە کۆمەڵە کەسصك بۆ خۆمان هاتوین بە کات و پولیگیرفا نمان و بە بص دەست لە پشتدانی هیچ پارتصکی سیاسی بەردەوام چالاکی جۆراوجۆر لە پصناو ناساندنی کصشەی جینۆسایدکرنی کورد ئە نجام دەدەین .ئەو کارانەی ئصمە لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا کردومانە بە شایەدی أاگەیاندنەکان نەك خۆمان لە ماوەی ئەم سالەی أابردوو لە دەرەوەی کوردستان نەکراوە ,بەم پصوانەیە أازین .بەلأم ئەگەر بلصم مافی خۆی پص درابص نا.هصشتا زۆر ناوەند و دەزگای نصو دەوڵەتی هەیە کە دەبوایە دەنگمان تیایدا هەبوایە نەمان توانیوە بگەین پصی.**

**ناوەندی هەڵە بجە لە ماوەی دوو سالی أابردودا سەدان چالاکی جۆراو جۆری کردوە ,چ لە یادکردنەوەی کارەساتی هەڵە بجەو ئەنفال لە کەنەداوە بۆ ئوسترالیا ,لە بەریتانیاوە بۆ هۆڵەندە ودانیمارك و سویسراو بولغاریاو فنلەند و سوید و ...... . هەر لە بەژداری لە کۆأو کۆنفرانسی نصو دەوڵەتی بۆ دانیشتن و قسەو باس لەگەڵ لایەنە بەرپرسەکانی دەوڵەتان و پەرلەمانەکانیان .لە شکایەت کردن لە تاوانباران تا بە پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ دۆستانی گەلەکەمان هاندانانیان بۆ پشتگیری لە داواکاریەکانی گەلی کورد,لە أیفراندۆمەوە کە سەرەتا دوای أوخانی سەدام لە مانگی یۆنی بە زنجیرەیەك کۆأو سمینار دەستمان پصکرد تا بەژداری چالاکانە لە کۆمیتەکان**

و چالاكیەكانی ئصستای أیفراندۆم ,له بەژداری له چالاكی پشتگیری له قوتابیانی ئصرانییەوه بۆ یادكردنەوەی كرداره جینۆسایدیەكان له كوردستانی خۆرهەلات و سوریا... ,له پشتگیری له داواكاریه أەواكانی گەلی كورد تا وەلامدانەوەی بەردەوامی نەیارانی دۆزی كوردی ,له داكۆكیشصلگیرانه له دۆزی □□ كچەكوردەكەی میسر له وەرگصأانی دوكۆمصنتەكه بۆ زمانه زیندوەكان تا ئاگاداركردنەوەی یو ئصن تەواوی أصكخراوەكانی مافی مرۆڤ و ژنانی جیهان بەو تاوانه و قسەكردن لەگەڵ یەفارەتەكانی میسر و ... پارته سیاسیه میسرییەكان تابەدادگایی گەیاندنی بازرگانی چەكی كیمیاوی فرانس ڤان ئەنرات ,له ناردانی وەفدیولاتانی وەك فینلەند بۆ كوردستان تا چالاكی له ناو زانكۆكانی فەرەنساو دانیشتن لەگەڵ سەفیرەكان و ناساندنی كصشەی جینۆسایدی كورد له أصگەی ئەنتەرنصتەوه به تەواوی جیهان و ناردنی دەیان هەزار ئیمەیل مانگانه,له یەكخستنی دەنگەكان بۆ دادگایی سەدام تا پالە پەستۆ دروستكردن بۆ دادگایی فایلدارو تاوانبارانی كه.....ئەمه بەشصكی كەمی چالاكیەكانه ئەوەی له یادم بوبصت.

## پارته سیاسییەكان چۆن هاوكاریتان دەكەن

-هیچ هاوكارییەكمان لصیان ناوصت ,تەنها ئەوەی كصشەمان بۆ دروست نەكەن , پروپاگەندەمان بۆ نەكەن .بەلامانەوه گرنگ نییه سالانه ملاین دۆلار به ناوی كوردەوه أصكخراوەكانییان وەریه گرن و شوصنی دیار نییه,تەنها داوام ئەوەیه نەبنه أصگر لەبەردەم ئەو أصكخراوه سەربەخۆیانەی دروسته بن.تا ئصستا له هیچ پارتصكی سیاسییەوە□ فلسی سورمان وەر نەگرتووەو یەك كار سانابیمان لصیان نەدیوەو له یەك چالاكیان داوەت نەكراوین ,هەر ئصمه بووین بانگەوازی كاری هاوبەشمان له گەلییان كردوه .ئەگەر یارمەتیمان بدەن لصتانی نه شارینەوه به بص مەرج به شەرتی بلاوكردنەوەی وەری دەگرین .بەلام تا ئەم دەقەیه نەمان دیووه .ئەگەر ئیمكانی مالیمان هەبصت دەتوانین كاری زیاتر بكەین.

## ئایا هەر لەو بوارانەدا كار دەكەن كه پەیوەندی به جینۆسایدكردنی كوردەوه هەیه؟؟.

-ناوەندی هەلە بجه بۆ دژایەتی كردنی جینۆسایدكردنی كورد دروست بووه ,بەلام له خولگەی جینۆسایدكردندا كۆمەلصك بوار دەخولصتەوه,بو نمونه چارەنوسی سیاسی كوردستان ,دیموكراتیزەكردنی كۆمەلگه,أیفراندۆم ,هەلوصستی ئۆپۆزسیۆنی ولاتانی داگیركەری كوردستان ,تیرۆر و مافی

پەنابەرانی پارچەکانی دیکەی کوردستان ئەمانە هەموو دەکەونە ناو چالاکییەکانی ناوەندەوە. دەبصت ئەوە بزانن چاك کوردستانییە نەك عصراقی .سنوری جوگرافیای کارکردنی بونی مرۆڤی کوردە لە هەر کوصیەك بصت .

**بۆ ئەنفال چیتانکردوە ,چۆن ناساندوتانە بەدەزگا نصو دەولەتییەکان.**

-دەمەوصت لصرەدا پصتان أابگەیەنم مانگی □ کۆنفرانسی دژبە کۆیلەداری دەبەسترصت ناوەندی هەڵەبجە کصشەی□□ کچەکە وەك بەشصك لە کۆیلەداری دەباتە ئەو کۆنفرانسەوە, ئەمە داهصنانصکی ناوەندی هەڵە بجەیە لە أصگەی هونەرمەندصکی ناسراوەوە توانیمان ئەم کارە بکەین. تا چەند ساڵ لەمەو بەر تەنانەت بۆ یەك جاریش پاش □□ ساڵ لە کارەساتی ئەنفال یادی ئەو کارەساتە لە دەرەوەی کوردستان نەکرابووەوە ,ئصستا یادکردنەوەی بووە بە دیاردەیەکی ئاسایی,ئەوەندەی دەنگمان بأ بکات بە ئەنتەرنصت ,بە سمینار ,بە دانیشتنی دوو قۆڵی لە گەڵ پارت و دەزگاو پەرلە مانەکان ئەنفال دەناسصنیین,ناوەندی هەڵە بجە سەرەتایکارییەتی و زۆر ماوە بیکات.